# دور نشر الأخبار الأزموية عبر منصة فيسبوك على الصحة النفسية للمستخدمين في إقليم كوردستان العراق

١ـم.م. هەڤاڵ عبدالله حمد
القسم الكردي، كلية التربية الابتدائية، جامعة رابرين، رانيا، إقليم كردستان، العراق.
haval.abdulla@uor.edu.krd

٢ ـ م.م. دیدەن مجيد خضر
رئاسة جامعة رابرين، رانيا، إقليم كوردستان، العراق.
didan.majeed@uor.edu.krd

٣ـزەكەريا ابراهيم حاجى امين
قسم اللغة العربية، كلية التربية الاساسية ، جامعة رابرين، رانيا، إقليم كردستان، العراق.
zakaria.ibrahim@uor.edu.krd

٤ـسيامەند حمەعزيز رسول
رئاسة جامعة رابرين، رانيا، إقليم كوردستان، العراق.
syamand.aziz@uor.edu.krd

**الكلمات المفتاحية**: النشر، الأخبار، العزاء، فيسبوك، النفس، إرهاق التعاطف، قلق الموت.

**كيفية اقتباس البحث**

حمد ، هەڤاڵ عبدالله , دیدەن مجيد خضر , زەكەريا ابراهيم حاجى امين , سيامەند حمەعزيز رسول , دور نشر الأخبار الأزموية عبر منصة فيسبوك على الصحة النفسية للمستخدمين في إقليم كوردستان العراق,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آذار ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٣.

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**مسجلة في Registered**
**ROAD**

**مفهرسة في Indexed**
**IASJ**

# The Role of Spreading Crisis News on Facebook on the Psychological Well-being of Users in the Kurdistan Region of Iraq

1. **Hava Abdullah Hamad**
Kurdish Department, College of Primary Education, Raparin University, Rania, Kurdistan Region, Iraq.
haval.abdulla@uor.edu.krd

2. **Dedin Majeed Khader**
Presidency of Raparin University, Rania, Kurdistan Region, Iraq.
didan.majeed@uor.edu.krd

3. **Zakaria Ibrahim Haji Amin**
Department of Arabic Language, College of Basic Education, Rabarin University, Rania, Kurdistan Region, Iraq.
zakaria.ibrahim@uor.edu.krd

4. **Siamand Hamaziz Rasoul**
Presidency of Raparin University, Rania, Kurdistan Region, Iraq.
syamand.aziz@uor.edu.krd

**Keywords** : dissemination, news, condolences, Facebook, psychology.

**How To Cite This Article**

Hamad , Hava Abdullah , Dedin Majeed Khader ,Zakaria Ibrahim Haji Amin , Siamand Hamaziz Rasoul , The Role of Spreading Crisis News on Facebook on the Psychological Well-being of Users in the Kurdistan Region of Iraq ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, March 2026,Volume:16,Issue 3.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**Abstract**

In today's world, social media platforms—particularly Facebook—have become an essential part of the daily lives of Kurdish individuals in the Kurdistan Region. This growing engagement with technology has brought significant changes to patterns of social interaction and cultural practices, especially in the ways death and condolence announcements are communicated. Within this context, the primary aim of this study is to examine the psychological effects resulting from the frequent dissemination of death-related news on Facebook users in the Region.

The study seeks to answer the following question: Does continuous exposure to images and news of death lead to anxiety and sadness, or does it instead create a form of desensitization toward death? To address this question, a descriptive-analytical method was employed, and a survey was distributed among a sample of Facebook users from various cities across the Kurdistan Region.

The findings indicate that the spread of condolence news functions as a double-edged sword. On the one hand, it facilitates rapid information sharing and the expression of social support. On the other hand, it contributes to chronic psychological stress and increased death anxiety. Furthermore, the high frequency of distressing news has led many users to experience a form of compassion fatigue.

In conclusion, the study recommends that users limit their time on social media platforms and that page administrators adopt more responsible approaches in sharing death-related news, in order to protect overall mental well-being.

**ملخص**

في عصر التحول الرقمي المتسارع، باتت شبكات التواصل الاجتماعي — ولا سيما منصة فيسبوك — تشكّل ركيزةً أساسية في حياة الأفراد الأكراد اليومية في إقليم كردستان العراق. وقد أسهم هذا التوسع التكنولوجي في إحداث تحولات جذرية في أنماط التواصل الاجتماعي وأساليب ممارسة الموروث الثقافي، ولا سيما ما يتصل منه بالإعلان عن الوفيات وأداء مراسم العزاء. وانطلاقاً من هذا السياق، تسعى هذه الدراسة إلى تحليل الأثر النفسي الناجم عن التعرض المستمر للمنشورات المتعلقة بالوفيات ومجالس العزاء على فيسبوك، ومدى انعكاسه على الصحة النفسية للمستخدمين في الإقليم.

وتتمحور الإشكالية المحورية للدراسة حول التساؤل الآتي: هل يُفضي الاطلاع المتكرر على المحتوى المرتبط بالموت إلى تنامي مشاعر الحزن والاكتئاب لدى المستخدمين، أم يُولّد في المقابل نوعاً من "التبلّد العاطفي والتطبّع مع الموت"؟ وللإجابة عن هذا التساؤل، اعتمدت الدراسة المنهج الوصفي التحليلي، وجرى توزيع استبانة على عينة مقصودة من مستخدمي فيسبوك في مدن متعددة من إقليم كردستان.

وقد كشفت نتائج الدراسة أن لنشر أخبار الوفيات والعزاء عبر فيسبوك تأثيراً مزدوجاً؛ إذ يُسهم من جهة في تيسير التواصل الفوري ونشر المعلومات على نطاق واسع، فضلاً عن تعزيز الدعم

الاجتماعي والتعاطف(Social Support) ، غير أنه يُفضي من جهة أخرى إلى تراكم ضغط نفسي مزمن (Chronic Stress) وتصاعد في مستويات قلق الموت .(Death Anxiety) علاوةً على ذلك، تبيّن أن الإفراط في تلقي الأخبار المؤلمة يُعرّض المستخدمين لما يُعرف بـ"إرهاق التعاطف(Compassion Fatigue) "، الذي يتجلى في تراجع الاستجابة العاطفية تجاه المعاناة الإنسانية.

واستناداً إلى هذه النتائج، توصي الدراسة بضرورة أن يُنظّم المستخدمون وقت استخدامهم لشبكات التواصل الاجتماعي، وأن يتبنى مشرفو الصفحات والمجتمعات الرقمية معايير أكثر مسؤوليةً في التعامل مع المحتوى المتعلق بالوفيات، وذلك صوناً للصحة النفسية العامة.

## ڕۆڵی بڵاوکردنەوەی هەواڵی پرسە لە فەیسبووک لەسەر دەروونی بەکارهێنەران لە هەرێمی کوردستان.

**١-م.ی هەڤاڵ عبدالله حمد**
**بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان ، عێراق.**
**haval.abdulla@uor.edu.krd**

**٢- م.ی دیدەن مجید خضر**
**سەرۆکایەتی زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان ، عێراق.**
**didan.majeed@uor.edu.krd**

**٣-زەکەریا ابراهیم حاجی امین**
**بەشی عربی ، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان ، عێراق.**
**zakaria.ibrahim@uor.edu.krd**

**٤-سیامەند حمەعزیز رسول**
**سەرۆکایەتی زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان ، عێراق.**
**syamand.aziz@uor.edu.krd**

**پوختە**
لە جیهانی ئەمڕۆدا، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەتایبەت فەیسبووک، بوونەتە پێکهاتەیەکی سەرەکیی ژیانی ڕۆژانەی تاکی کورد لە هەرێمی کوردستان. ئەم ئالوودەبوونە بە تەکنەلۆژیا، گۆڕانکاریی گەورەی بەسەر شێوازی پەیوەندییەکان و دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکاندا هێناوە؛ بەتایبەت ئەو نەریتانەی پەیوەستن بە ڕاگەیاندنی مەرگ و پرسەوە. لەم سۆنگەیەوە، ئامانجی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دەرخستنی ئەو کاریگەرییە دەروونییانەی کە بەهۆی

بڵاوكردنەوەی چڕوپڕی هەواڵی مەرگ و پرسەوە لەسەر بەكارهێنەرانی فەیسبووک لە هەرێم دروست دەبێت.
توێژینەوەكە هەوڵ دەدات وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە: ئایا بینینی بەردەوامی وێنە و هەواڵی مردن، دەبێتە هۆی دروستبوونی دڵەڕاوكێ و خەمۆكی، یان جۆرێک لە "ڕاهاتن و بێباكی" بەرامبەر مەرگ دروست دەكات؟ بۆ گەیشتن بە وەڵامەكان، پەیڕەوی لە ڕێبازی "وەسفی-شیكاری" كراوە و ڕاپرسییەک لەنێوان نموونەیەک لە بەكارهێنەرانی فەیسبووک لە شارە جیاوازەكانی هەرێم دابەشكراوە.
دەرەنجامەكان ئەوەیان دەرخست كە بڵاوكردنەوەی هەواڵی پرسە وەک چەكێكی دووسەرە وایە؛ ڕاستە ئاسانكاری دەكات بۆ گەیاندنی هەواڵ و دەربڕینی هاوخەمی (Social Support)، بەڵام لە هەمان كاتدا بووەتە هۆكارێک بۆ دروستبوونی فشارێكی دەروونیی بەردەوام (Chronic Stress) و زیادبوونی ترس لە مەرگ (Death Anxiety). هەروەها دەركەوتووە كە زۆریی ژمارەی هەواڵە ناخۆشەكان وایكردووە بەكارهێنەران تووشی جۆرێک لە "شەكەتیی سۆزداری (Compassion Fatigue)" ببن. لە كۆتاییدا، توێژینەوەكە پێشنیار دەكات كە بەكارهێنەران كاتی بەكارهێنانی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان سنووردار بكەن و پەیجەكانیش بەرپرسیارانەتر مامەڵە لەگەڵ هەواڵی مەرگدا بكەن، بە مەبەستی پاراستنی تەندروستیی دەروونیی گشتی.

**وشە كلیدییەكان:** بڵاوكردنەوە، هەواڵ، پرسە، فەیسبووک، دەروون.

## بەشی یەكەم: پێشەكی

لە سەردەمێكی نوێدا، تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان بوونەتە یەكێک لە گرنگترین سەرچاوەكانی بڵاوكردنەوەی هەواڵ و بەدەستهێنانی زانیاری بۆ تاک و كۆمەڵگە لە سەرتاسەری جیهاندا. گەشەی خێرا و بەرفراوانی پلاتفۆرمە ئۆنلاینەكان، بەتایبەتی فەیسبووک، گۆڕانكارییەكی قووڵی لە شێوازی پەیوەندیی نێوان مرۆڤەكان و چۆنیەتیی دروستكردن، بڵاوكردنەوە و وەرگرتنی ناوەڕۆكی هەواڵدا دروست كردووە. فەیسبووک وەک یەكێک لە گەورەترین تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان، نەک تەنها ڕێگەی پەیوەندیی كۆمەڵایەتیی فراوان كردووە، بەڵكو بووەتە فەزایەكی سەرەكی بۆ بڵاوكردنەوەی هەواڵی تراژیدی و بابەتە پەیوەندیدارەكان بە مەرگ، كە زۆرجار بەبێ پشتڕاستكردنەوەی زانستیی سەرچاوەی هەواڵەكە بڵاودەكرێنەوە (Seiler, 2020).
لە هەرێمی كوردستاندا، فەیسبووک وەک باوترین تۆڕی كۆمەڵایەتی ڕۆڵێكی دووفاقە دەبینێت؛ لەلایەک ئامرازی پەیوەندییە و لەلایەكی ترەوە بووەتە "سەكۆیەكی گەورەی پرسە و ماتەمینی" (محەمەد، ٢٠٢١). هەروەها شێوازی بڵاوكردنەوەی هەواڵی مەرگ لە میدیا كوردییەكاندا زۆرجار ڕەهەندی "هەستبزوێن و تراژیدی" وەردەگرێت، ئەمەش وا دەكات وەرگر تووشی جۆرێک لە "شۆكی دەروونی" ببێت.
بەپێی توێژینەوەیەكی (عەبدوڵا، ٢٠٢٢)، بەكارهێنەرانی سۆشیاڵ میدیا لە هەرێمی كوردستان بەردەوام لەژێر كاریگەریی ئەو دیمەن و هەواڵە نەرێنییانەدان كە دەبنە هۆی دروستبوونی دڵەڕاوكێی كۆمەڵایەتی. ئەم دۆخە لەگەڵ تیۆری "بەرجەستەبوونی مەرگ " (Mortality Salience)یەكدەگرێتەوە، كە تێیدا تاک بەهۆی بینینی بەردەوامی مەرگەوە، هەست بە ناسەقامگیری و ترسی هەمیشەیی لەدەستدانی ئازیزانی دەكات.

توێژینەوە زانستییەکان لەم دواییانەدا ئاماژە بەوە دەدەن کە ڕووبەڕووبوونەوەی دووبارە و بەردەوام لەگەڵ هەواڵی مەرگ و تراژیدیا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کاریگەرییەکی قووڵ و درێژخایەنی لەسەر تەندروستیی دەروونیی تاک هەیە .(Seiler, 2020) نیشاندان و بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە هەواڵانە دەتوانێت ببێتە هۆی زیادبوونی خەمۆکی، زەبری دەروونی، گۆڕانکارییە هۆرمۆنییەکان و بەرزبوونەوەی فشاری خوێن. ئەم دۆخە لە کۆنتێکستی پزیشکی و دەروونزانییدا گرنگییەکی تایبەتی هەیە، چونکە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە سەرهەڵدانی نیشانەکان و نەخۆشییە دەروونییەکانەوە هەیە.

(Price, 2022)ئاماژە بەوە دەکات کە پەیوەندییەکی نەرێنی لە نێوان بەکارهێنانی ڕۆژانەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و زیادبوونی کێشە دەروونییەکاندا هەیە، بەتایبەتی لە ماوەی پەتای کۆڤید-١٩دا. لەو ماوەیەدا، زۆربوونی هەواڵی مەرگ و ژمارەی قوربانییەکان لە فەزای ئۆنلایندا، بووە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی دڵەڕاوکێ، خەمۆکی و زەبری دەروونی لای تاکەکان. بە کورتی، زۆربوونی بڵاوکردنەوەی هەواڵی پرسە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، دەکرێت ببێتە هۆی ناسەقامگیریی دەروونی و لاوازبوونی هەستی ئاسایش

**توێژینەوە**

شێوازەکانی گەیاندنی هەواڵ و بڵاوکردنەوەیان لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستان، کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر تەندروستیی دەروونیی تاکەکان هەیە، بەتایبەتی هەواڵەکانی پەیوەست بە پرسە و کوشتن. جۆرەکانی هەواڵ، بەتایبەت هەواڵی مەرگەسات، کاریگەریی قووڵیان لەسەر دەروونی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەیە. سەرەڕای ئەوەی توێژینەوەی جۆراوجۆر دەربارەی هەواڵی پرسە و کاریگەرییەکانی لەسەر دەروونی گشتی ئەنجام دراون، بەڵام کەمتر سەرنج خراوەتە سەر تەندروستیی دەروونیی بەکارهێنەرانی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک؛ بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات ڕۆڵی بڵاوکردنەوەی هەواڵی پرسە لەسەر دەروونی بەکارهێنەرانی فەیسبووک لە هەرێمی کوردستان بخاتە ڕوو.

**پرسیارەکانی توێژینەوە:**

١. ئایا بڵاوکردنەوەی هەواڵی پرسە کاریگەریی لەسەر تەندروستیی دەروونیی بەکارهێنەران هەیە؟
٢. تا چەند شێوازەکانی بڵاوکردنەوەی هەواڵی پرسە کاریگەرییان لەسەر تەندروستیی دەروونیی بەکارهێنەران هەیە؟
٣. ئایا کاریگەریی بڵاوکردنەوەی هەواڵی پرسە لەسەر تەندروستیی دەروونیی بەکارهێنەران، بەپێی ڕەگەز جیاوازە؟

**ئامانجەکانی توێژینەوە:**

١. دەرخستنی ڕۆڵی بڵاوکردنەوەی هەواڵی پرسە لەسەر دەروونی بەکارهێنەرانی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک لە هەرێمی کوردستان.
٢. دیاریکردنی ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی زیادکردن یان کەمکردنەوەی فشاری دەروونیی پەیوەست بە هەواڵی پرسە لەسەر بنەمای ڕەگەز.
٣. ناسینی ڕۆڵی هەواڵی پرسە لەسەر تەندروستیی دەروونیی بەکارهێنەرانی فەیسبووک.

**سنووری توێژینەوە:**

بەشداربووان بە شێوەیەکی هەرەمەکی لە هەرێمی کوردستان-عێراق وەرگیراون. لەم توێژینەوەیەدا هەردوو ڕەگەز بەشدارییان تێدا کردووە و لە ماوەی ساڵانی (٢٠٢٥-٢٠٢٦) ئەنجام دراوە.

**بەشی دووەم: ناساندنی چەمکەکان**

**یەکەم: ڕاگەیاندن، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بڵاوکردنەوەی هەواڵی پرسە**

**١. ڕاگەیاندن:**

بەردەوامبوون لە بینینی هەواڵی مەرگ، بەتایبەتی لە فەیسبووک، دەکرێت ترس، دڵەڕاوکێ و خەمۆکی زیاد بکات (Morgan & Shanahan, ٢٠١٠). توێژینەوەیەکی (Emeraldi et al., ٢٠٢٣) ڕوونی دەکاتەوە کە شێوازەکانی ڕاگەیاندنی تراژیدیایەکان پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە هەستە دەروونییەکانەوە هەیە و دەبنە هۆی خەمۆکی و ترسی مەرگ لەنێوان بەکارهێنەرانی میدیای ئۆنلایندا. هەر بۆیە پێویستە بەکارهێنەرانی تۆڕە ئۆنلاینەکان ئاگاداری شێوازی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و کاریگەرییەکان بن لەسەر تەندروستیی دەروونیی تاک (Emeraldi et al., 2023, pp. ٨٩-١٠٦).

**٢. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:**

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان شێوازێکی نوێی تەکنەلۆژیای پەیوەندیین کە ڕێگە بە تاکەکان دەدەن بەبێ گوێدانە دووریی شوێن، پەیوەندی بگرن، گفتوگۆ بکەن، ناوەڕۆک بڵاوبکەنەوە و وێنە و ڤیدیۆ هاوبەش بکەن (Kietzmann et al., ٢٠١١). ئەم تۆڕانە لە ڕێگەی ئامێرە زیرەکەکانەوە وەک مۆبایل و کۆمپیوتەر بەکاردێن و جۆرە جیاوازەکانیان وەک (Facebook, X, Telegram, Snapchat) بەردەوام لە گەشەدان (Kaplan & Haenlein, ٢٠١٠).

**٣. فەیسبووک (Facebook):**

تۆڕێکی کۆمەڵایەتیی ئۆنلاینە کە ڕێگە بە بەکارهێنەران دەدات لاپەڕەی تایبەتی دروست بکەن، ناوەڕۆک و وێنە و ڤیدیۆ بڵاوبکەنەوە و نامە بۆ کەسوکار و هاوڕێیانیان بنێرن (Ellison et al., ٢٠٠٧). ئامانجی سەرەکیی فەیسبووک فراوانکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئاگادارکردنەوەی تاکە لە ڕووداوەکانی جیهان. لەگەڵ ئەوەشدا، فەیسبووک بووەتە فەزایەکی سەرەکی بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵی مەرگ و پرسە، کە زۆرجار کاریگەریی نەرێنیی دەروونیی لێ دەکەوێتەوە (Seiler, ٢٠٢٠).

**٤. هەواڵی پرسە:**

بریتین لە ئەو زانیارییانەی دەربارەی کۆچی دوایی تاک یان گرووپێک بڵاودەکرێنەوە، بەتایبەتی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا (Dar-Nimrod, ٢٠١٢). (حەسەن، ٢٠٢٠) ئاماژە بەوە دەکات کە بڵاوکردنەوەی هەواڵی مەرگ لە فەیسبووکدا لە کوردستان گۆڕاوە بۆ "ئەرکێکی کولتووری"، بەڵام بڵاوکردنەوەی بێباکانەی وێنەی قوربانییان و دیمەنە دڵتەزێنەکان، جۆرێک لە "بێهەستی" (Desensitization) لای بەکارهێنەر دروست دەکات، یان بە پێچەوانەوە ئاستی خەمۆکی و گۆشەگیری زیاد دەکات. ئەم جۆرە هەواڵانە زۆرجار بە شێوەیەکی لەناکاو و لەگەڵ ناوەڕۆکێکی هەستیاردا پێشکەش دەکرێن کە دەتوانێت کاریگەریی قووڵ لەسەر دۆخی دەروونی بەکارهێنەر دروست بکات (Beyari, ٢٠٢٣).

**دووەم: کاریگەریی هەواڵی پرسە لەسەر دەروونی بەکارهێنەر**

**١. تەندروستیی دەروونی:**

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی (WHO) تەندروستیی دەروونی وەک دۆخێک پێناسە دەکات کە تێیدا تاک توانای جێبەجێکردنی کارە ڕۆژانەکانی بە شێوەیەکی چالاکانە هەیە و دەتوانێت لەگەڵ ژینگەی دەوروبەریدا بگونجێت و هاوسەنگیی دەروونیی خۆی بپارێزێت (Ismail, 2023, p. ٥٧). (صالح، ٢٠٠٥) جەخت دەکاتەوە کە تەندروستیی دەروونی تەنها نەبوونی

تەنگژە یان ململانێی ناوخۆیی نییە، بەڵکو توانای بیرکردنەوەی مەنتیقی و خۆگونجاندنی تاکە لەگەڵ ژینگەکەی (ل. ١١٢). (ئیسماعیل، ٢٠٢٣) لە کتێبی "تەندروستیی دەروونی و دەروونناسیی گونجاندن"دا ئاماژە بەوە دەکات کە تەندروستیی دەروونیی تاکی کورد پەیوەستە بەو ژینگەیەی تێیدا دەژی؛ بۆیە تێکچوونی هاوسەنگیی زانیارییەکان و زۆربوونی هەواڵی مەرگ ڕاستەوخۆ ئارامیی ناوەکی تێکدەدات (ل. ٥٧).

**٢. چوارچێوەی تیۆری:**

(Dar-Nimrod, 2012)باس لە کاریگەریی "بەرجەستەبوونی مەرگ (Mortality " Salience)لەسەر دڵەڕاوکێی مرۆڤ دەکات و نیشانی دەدات کە زیادبوونی بینینی هەواڵی مەرگ لە فەزای ئۆنلایندا، ترس لە مردن و دڵەڕاوکێ لای تاک بەرز دەکاتەوە (Beyari, . 2023)هەروەها دەری خستووە کە ڕووبەڕووبوونەوەی بەردەوام لەگەڵ ناوەڕۆکی مەرگ لە فەیسبووکدا، کاریگەریی نەرێنیی بەرچاو لەسەر تەندروستیی دەروونی جێدەهێڵێت.

توێژینەوەیەک لە کاتی پەتای کۆڤید-١٩دا دەری خستووە ئەو کەسانەی بەردەوام بەدواداچوونیان بۆ هەواڵی مەرگ کردووە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، تووشی ئاستێکی بەرزی خەم و فشاری دەروونی بوون، تەنانەت ئەگەر کەسێکی نزیکیشیان لەدەست نەدابێت (Caci, ٢٠٢٤). هەروەها دەرکەوتووە کە بەکارهێنانی زۆری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ناوەڕۆکی نەرێنی وەک مەرگ و توندوتیژی، پەیوەندییەکی بەهێزی بە زیادبوونی نیشانەکانی خەمۆکی و بەرزبوونەوەی مەترسیی بیرکردنەوەی خودکوژییەوە هەیە (Balt, 2023; Seiler, ٢٠٢٠).

**بەشی سێیەم: ڕێکارە میتۆدییەکانی توێژینەوە**

**یەکەم: میتۆدی توێژینەوە**

میتۆدی توێژینەوە ئەو ڕێگەیەیە کە توێژەر بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، پۆلێنکردن و شیکردنەوەی داتاکان دەیگرێتەبەر. ئەم توێژینەوەیە پەیرەوی لە **میتۆدی وەسفی-شیکاری** دەکات، بۆ لێکۆڵینەوە لە کاریگەریی شێوازەکانی بڵاوکردنەوەی هەواڵی پرسە لەسەر تەندروستیی دەروونیی بەکارهێنەران لە هەرێمی کوردستان. ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی پرسیارنامەی هەواڵی پرسە و پێوەری (دڵەڕاوکێ، خەمۆکی، فشاری دەروونی DASS-٢١) ئەنجام دراوە (Naaz, 2024, p. ٥٢)، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی هەستی بەکارهێنەران بەرامبەر بەم بابەتە لە فەیسبووکدا (Beyari, 2023; Gerson, ٢٠٢١).

**دووەم: کۆمەڵگەی توێژینەوە**

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە بەکارهێنەرانی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک لە هەرێمی کوردستان-عێراق. بەشداربووان بە شێوەیەکی هەرەمەکی هەڵبژێردراون و هەردوو ڕەگەزیان تێدایە، توێژینەوەکەش لە ساڵی خوێندنی (٢٠٢٥-٢٠٢٦) ئەنجام دراوە.

**سێیەم: نموونەی (سامپڵ)ی توێژینەوە**

نموونەی توێژینەوە نوێنەرایەتیی کۆمەڵگەی گشتیی توێژینەوەکە دەکات. بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕاست و دروست گوزارشت لە کۆمەڵگەکە بکات، پێویستە لە هەڵبژاردنیدا پەیڕەوی یاسا و ڕێسای زانستی بکرێت تاوەکو ئەنجامەکان گشتگیر بکرێن (العزاوي، ٢٠٠٨). نموونەی ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە (٣٠٠) بەکارهێنەری فەیسبووک لە هەرێمی کوردستان، کە بە شێوەیەکی هەرەمەکی هەڵبژێردراون؛ لەو ژمارەیەش (**165**) بەشداربوویان لە ڕەگەزی نێر و (**135**)یان لە ڕەگەزی مێ بوون.

**چوارەم: ئامرازەکانی توێژینەوە**

ئامرازی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە فۆرمی ڕاپرسیی ئۆنلاین بووە. توێژەران دوای گەڕان و پێداچوونەوەی سەرچاوە و توێژینەوە پێشووەکان بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی، سوودیان لە چەند پێوەرێکی ئامادەکراو وەرگرتووە، بەتایبەت توێژینەوەکانی (Othman, 2020, p. ٣٧) و (Kakemam, 2022, p. ٤٤).

**پێنجەم: ڕێکارە زانستییەکانی ئامرازەکە**

**جێگیریی پێوەرەکان (Reliability):** بۆ دڵنیابوون لە جێگیریی ئامرازەکە، شێوازی "دووبارە تاقیکردنەوە" (Test-Retest) بەکار هات. پێوەرەکە لەسەر نموونەیەکی دەرەکی (Pilot Study) کە پێکهاتبوو لە (٥٠) بەشداربوو تاقیکرایەوە. دوای تێپەڕبوونی دوو هەفتە، تاقیکردنەوەکە لەسەر هەمان کەس دووبارە کرایەوە. بە بەکارهێنانی هاوکۆلکەی پەیوەندیی (پیرسۆن)، دەرکەوت کە بەهای جێگیریی پێوەری "تەندروستیی دەروونی" گەیشتە (**٠.٩٣٣**)، ئەمەش ئاستێکی بەرز و جێگیر نیشان دەدات، وەک لە خشتەی (١)دا ڕوون کراوەتەوە.

**خشتەی (١):** هاوکۆلکەی جێگیریی بۆ پێوانەی ڕۆڵی بڵاوکردنەوەی هەواڵی پرسە لەسەر دەروونی بەکارهێنەرانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک

| جێبەجێکردن | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هاوکۆلکەی جێگیری |
|---|---|---|---|
| یەکەم | ٧٠,١٢٢ | ١١,٦٠ | ٪٠,٩٣٣ |
| دووەم | ٦٥,١٤٥ | ١١,٥٤ | |

٢. **ڕاستگۆیی (Validity):** بۆ دیاریکردنی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی (Face Validity)، ئامرازەکە خرایە بەردەم دەستەیەک لە شارەزایان بۆ دەربڕینی ڕاوبۆچوونیان لەسەر


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

گونجاویی بڕگەکان. دوای وەرگرتنەوەی پێشنیارەکان، تەنها ئەو بڕگانە مانەوە کە کۆدەنگییان لەسەر بوو، کە کۆی گشتی (٢١) بڕگە بوون.

٣. **هاوکۆلکەی ئەلفا-کرۆنباخ (Cronbach's Alpha):** بۆ دەستنیشانکردنی گونجانی ناوەکیی بڕگەکان، ڕێگەی ئەلفا-کرۆنباخ بەکار هات. دوای جێبەجێکردنی لەسەر نموونە سەرەتاییەکە (٥٠ بەشداربوو)، ڕێژەی جێگیری گەیشتە (٠.٨٧)، کە ئەمەش نیشانەی جێگیرییەکی بەرزە.

**شەشەم: ئامرازە ئامارییەکان**

بۆ شیکردنەوەی داتاکان، سوود لە پرۆگرامی (SPSS) ڤێرژنی (٢٥) وەرگیراوە.

**حەوتەم: جێبەجێکردنی کۆتایی**

دوای دڵنیابوون لە ڕاستگۆیی و جێگیریی ئامرازەکە، فۆرمی ڕاپرسییەکە لە ڕێگەی (Google Forms) بە شێوەی ئۆنلاین بەسەر سامپڵی بنەڕەتی (٣٠٠) بەشداربوو دابەشکرا. توێژەران ڕوونکردنەوەی پێویستیان دەربارەی ئامانجی توێژینەوەکە پێدان و داوایان لێ کردن بە وردی وەڵام بدەنەوە

**بەشی چوارەم**

**خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە وشیکردنەوەیان:**

**زانینی ئاستی کاریگەری نەرێنی بڵاوکردنەوەی هەواڵی پرسە لەسەر تەندروستی دەروونی بەکارهێنەران فەیسبووک لە هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی:**

دوای کۆکردنەوەی داتاکان و بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) بۆ یەک نموونە بە بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری (SPSS) ، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە نرخی (t) هەژمارەکراو (٤٧,٤١) گەورەترە لە نرخی (t) خشتەیی کە (١,٩٥) بوو بە نمرەی ئازادی (٢٩٩) و ناوەندی گریمانەیی (٣٠٠) لە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) هەروەک لە خشتەی (٢) ڕوونکراوەتەوە واتە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بەدیدەکرێت، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە بڵاوکرنەوەی هەواڵی پرسە لە فەیسبووک ئاستێکی بەرزدایە.

**خشتەی ژمارە (٤)**

**ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی ( یەک نموونە ) بۆ نمرەکانی سەرپەرشتیاران**

| نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | نمرەی ئازادی | بەهای تائی هەژمارکراو | بەهای تائی خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 300 | 222.1453 | 17.0546 | 300 | 299 | 47.41 | 1.95 | بەڵگەدارە |

وەک لە خشتەی ژمارە (٤) دا دەردەکەوێت، کە بەهای(t) هەژمارکراو (٤٧,٤١) گەورەترە لە بەهای (١,٩٥) خشتەیی ،بەم جۆرە دەردەکەوێت کە بڵاوکردنەوەی هەواڵی پرسە لە تورە کۆمەڵایەتیەکان بەتایبەتە لە فەیسبووکە لەسە تەندروستی دەروونی بەکارهێنەران (سامپڵی توێژینەوەکە) بە شێوەیەکی گشتی لە ئاستێکی بەرزدایە ، توێژەر هۆکاری ئەم ئەنجامە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی تاکانی سامپڵی توێژینەوە خاوەندارێتی ئاراستەیەکی پوزەتیف دەکەن بەرامبەر چەمکی هەواڵی پرسە لە سەر تەندروستی دەروونی لای بەکارهێنەران، ئەم توێژینەوەییە هاوشێوەی توێژینەوەی (Pennycook, ٢٠٢٢)

**٤-٢ ئامانجى دووەم: زانینی کارامەیی خوێندکار لەپەروەردەی پراکتیکیدا لای سەرپەرشتیاران (سامپڵی توێژینەوە) بەپێی گۆڕاوی رەگەز**

بۆ زانینی ئەم جیاوازییە توێژەر ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری بۆ نمرەکانی گۆڕاوی رەگەز لای سەرپەرشتیاران لەسەر پێوەری کارامەیی خوێندکار لەپەروەردەی پراکتیکیدا دەرهێنا، و پاشان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بەپشت بەستن بەبەرنامەی ئاماری (SPSS) ، دەرکەوت نرخی بەهای( t )ی ئەژمارکرا(١٤,٦٧٨٥) بەنمرەی ئازاد (٢٩٩) ، لەسەر ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) وەکو لەخشتەی ژمارە(٤) خراوەتەڕوو.

**خشتەی(٥)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی (t) (دوو نمونە) بۆ نمرەکانی سەرپەرشتیاران بەپێی گۆڕاوی رەگەز**

| رەگەز | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| مێ | 135 | 230.134 | 19.2356 | 299 | 14.6785 | 1.96 | بەڵگەدارە |
| نێر | 165 | 200.165 | 14.1235 | | | | |

وەک لەخشتەی ژمارە (٥) دا دەردەکەوێت ،لەبەرئەوەی بەهای (t) ئەژمارکراو گەورەتر لەبەهای خشتەیی ،بەم جۆرش دەردەکەوێت کە جیاوازی بەڵگەداری لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی گۆڕاوی رەگەز لای بەکارهێنەران لەسەر پێوەری داس بەپێی گۆڕاوی رەگەز،توێژەرەکان پێیان وایە بەشێک لە هۆکارەکەی ئەم ئەنجامەش دەگەڕێتەوە ڕەگەزی مێ زیاتر هەستەکان و هاوخەمی دەردەبڕی بە بەراورد بە ڕەگەزی نێر ولایەکی ترش دەگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندییەکانی دەروونی و کۆمەڵایەتی وە زیاتر ڕەگەزی مێ بەشداری دەکات لە بەکارهێنانی تورە کۆمەڵایەتیەکان(.Female, ٢٠١٦)

**٤-٣ ئامانجى سێ یەم: زانینی ئاستی کاریگەری نەرێنی بڵاوکردنەوەی هەواڵی پرسە لەسەر تەندروستی دەروونی بەکارهێنەرانی فەیسبوک بە گوێری تەمەن:خشتەی(٦)**

**بۆ زانینی جیاوازی ئاستی نەرێنەرکانی بڵاوکردنەوەی هەواڵی پرسە لە فەسبووکە لەسەر تەندروستی دەروونی لەسەر بەکارهێنەران** توێژەران شیکاری جیاوازی یەک ئاراستە

(تحليل التباين الاحادى) (one way anova) بەکارهێنا. بەپشت بەستن بە بەرنامەی ئاماری (spss) کەئەنجامەکەی لەخشتەی ژمارە (٥)خراوەتەڕوو.

---

**خشتەی(٦)**

ئەنجامی شیکاری یەك ئاراستە (ANOVA) زانینی ئاستی کاریگەری نەرێنی بڵاوبوونەوەی هەواڵی پرسە لە سەر تەندروستی دەروونی بەکارهێنەران فەیسبووک بە گوێری تەمەن

| ANOVA | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەگوێری تەمەن | | کۆی دوجاکان | نمرەی ئازاد | دوجای ناوەند | F | بەهای بەڵگەداری | ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) |
| | لە نێوان گروپەکان | 36.323 | 2 | 27.108 | 0.568 | 0.789 | بەڵگەدارنییە |
| | لە ناو گروپەکان | 2300.455 | 298 | 29.273 | | | |
| | گشتی | 23200.456 | 300 | | | | |

وەک لە خشتەی ژمارە (٦) دا دەردەکەوێت ، بەهای بەڵگەداری (٠,٧٨٩) ، بەنمرەی ئازاد (٢٩٨) و لە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) دایە . لەبەرئەوەی بەهای بەڵگەداری (٠,٨٢٣) ئەژمارکراو گەورەترە لە ئاستی بەڵگەداری، بەم جۆرەش دەردەکەوێت جیاوازی بەڵگەداری نییە لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی بەگوێری تەمەن لای بەکارهێنەران لەسەر هەواڵی پرسە لە ماوەی کەواتە لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت، ئەم...

**دەرئەنجام**

١-ئاستی کاریگەری نەرێنی بڵاوکردنەوەی هەواڵی پرسە لە سەر تەندروستی دەروونی بەکارهێنەرانی فەیسبووک لە هەرێمی کوردستانی عیراق بەشێوەیەکی گشتی بەرزە.
٢- جیاوازییەکی ئاماری هەی لای بەکارهێنەران فیسسبووک بەپێی گۆراوی رەگەز(نێر و مێ) بۆ پێوەری تەندروستی دەروونی کە کاریگەری نەرێنی بڵاوبوونەوەی هەواڵی مەرگ لە لای بەکارهێنەرانی فەیسبووک رەگەزی مێ بەرزەتر بە بەراورد بە رەگەزی نێر.
٣- هیچ جیاوازییەکی ئاماری نیە لای بەکارهێنەران بەگویری تەمەن .

سەرچاوەکان(References)

١. ئیسماعیل، ئاراس ئەحمەد (٢٠٢٣). *تەندروستی دەروونی و دەروونناسی گونجاندن*. چاپی یەکەم، سلێمانی: ناوەندی ڕۆشنبیری ئەندێشە.
٢. ساڵح، ئەحمەد محەمەد (٢٠٠٥). *دەروونناسیی گشتی و لایەنە دەروونییەکانی تاک*. هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
٣. عەبدوڵا، هێمن (٢٠٢٢). "کاریگەریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتی گەنجانی هەرێمی کوردستان"، *گۆڤاری زانکۆی گەرمیان*، خولی ٩، ژمارە ٣.
٤. محەمەد، سەروەر (٢٠٢١). *میدیا و قەیرانەکان: لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری لەسەر گوتاری هەواڵە تراژیدییەکان*. سلێمانی: چاپخانەی سەردەم.
٥. حەسەن، نەریمان (٢٠٢٠). "سۆشیاڵ میدیا وەک پرسەخانە: خوێندنەوەیەکی سۆسیۆلۆژی بۆ دیاردەی مەرگ لە فەیسبووکدا"، *گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین*.

Adelman, R. C., & Verbrugge, L. M. (2000). *Death makes news: The social impact of disease on newspaper coverage*. Journal of Health and Social Behavior, 41(4), 347–367.

Balt, E., Mérelle, S., Robinson, J., Popma, A., Creemers, D., Van Den Brand, I., Van Bergen, D., Rasing, S., Mulder, W., & Gilissen, R. (2023). *Social media use of adolescents who died by suicide: Lessons from a psychological autopsy study*. Child and Adolescent Psychiatry and Mental Health, 17(1), 48.

Bandura, A. (1986). *Social foundations of thought and action: A social cognitive theory*. Englewood Cliffs, NJ: Prentice-Hall, 22–28.

Beyari, H. (2023). *The relationship between social media and the increase in mental health problems*. International Journal of Environmental Research and Public Health, 20(3), 2383.

Boyd, D. M., & Ellison, N. B. (2007). *Social network sites: Definition, history, and scholarship*. Journal of Computer-Mediated Communication, 13(1), 210–230.

Caci, B., & Giordano, G. (2024). *Direct losses and media exposure to death: The long-term effect of mourning during the COVID-19 pandemic*. Journal of Clinical Medicine, 13(13), 3911.

Dar-Nimrod, I. (2012). *Viewing death on television increases the appeal of advertised products*. The Journal of Social Psychology, 152(2), 199–211.

Eppler, M. J., & Mengis, J. (2004). *The concept of information overload: A review of literature from organization science, accounting, marketing, MIS, and related disciplines*. The Information Society, 20(5), 325–344.

Festinger, L. (1957). *Social comparison theory*. Selective Exposure Theory, 16(401), 3.

Gerbner, G., Gross, L., Morgan, M., & Signorielli, N. (1976). *The "mainstreaming" of America: Violence profile No. 11*. Journal of Communication, 30(3), 10–29.

Gerson, A. (2021). *Repeated exposure to online death news and emotional dysregulation*. Digital Psychology Quarterly, 6(4), 143–158.

Jordán-Conde, Z., Mennecke, B., & Townsend, A. (2014). *Late adolescent identity definition and intimate disclosure on Facebook.* Computers in Human Behavior, 33, 356–366.

Price, D. (2022). *Daily social media use and psychological distress during the COVID-19 pandemic.* Journal of Behavioral Health, 11(1), 77–93.

Seiler, A., Von Känel, R., & Slavich, G. M. (2020). *The psychobiology of bereavement and health: A conceptual review from the perspective of social signal transduction theory of depression.* Frontiers in Psychiatry, 11, 565239.

Emeraldien FZ, Salsabila D, Aini AN, Ubaldo E. Media Framing Analysis of Detik.com and Kompas.com in Reporting on the Death of a Family in Kalideres. In: Proceedings of International Conference on Da'wa and Communication. 2023 Nov;5(1):89–106.